سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی بەرەو داڤۆس بڕۆکوت

ئەمڕۆ دووشەممە، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرکایەتی شاندێک بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی لە داڤۆس، بەرەو سویسرا بڕۆکوت.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوەکدا بڵاویکردووە: سەرۆکی حکومەت لە پێراوێزی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی ئابووری جیهانیی داڤۆس، لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرۆک و سەرۆک وەزیران و بەرپرسانی باڵای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا و جیهان کەدبەتەوە و لە دیدارەکانیدا، چەندین تەوەر و پرسی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی تاوتوێ دەکات،لەوانەش پەرەپەدانی پەیوەندیی دوولایەنە بەتایبەتی لە بوارەکانی ئابووری و وەبەرهێناندا.هەروەها بەیارە لە پانێلەکیش بەشدار بێت کە تایبەتە بە ململانێ و ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەشداری سەرۆکی حکومەت لە کۆبوونەوەی داڤۆس، لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانیدایە بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی جیهان و تاوتوێکردنی ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە ئایندەی عێراق و ناوچەکە بە گشتی هەیە.

شاندی هەرێمی کوردستان لە ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و وەبەرهێنەر و خاوەنکارانی کوردستان

پێکهاتووە کە یەکەمجارە بەشداری لە داڤێس دەکەن. هەروەها بە دەستپێشخەری و هاسپاردەی سەرۆک وەزیران ، ماڵی کوردستان لە داڤێس دەکرێتەوە.

کەبەندەکە ئەمساڵ لە ژێر ناونیشانی (بنیاتنانەوەی متمانە) دەبەسترێت و چەندین تەوەری تایبەت بە وزە و سیستەمی بانکی و ژیری دەستکرد و چەند پرسێکی سیاسی هەنووکەیی، گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت